شاڵاو ڕەسول و کونسوڵی ئێران پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم تاوتوێ دەکەن

شاڵاو کەسرەت ڕەسول, سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوویەوە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە لە شاری هەولێر شاڵاو کەسرەت ڕەسول لە هەولێر پێشوازی لە فرامەرز ئەسەدی، کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی، "گفتوگۆ کرا لەبارەی دۆخی هەرێمی کوردستان، پێیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان".